https://www.doi.org/10.31918/twejer.1923.9

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# کاریگەریی جەنگی عەین جالوت (٦٥٨ک/ ١٢٦٠ز) لەسەر باکور و ڕۆژئاوای کوردستان

پ. د. قادر محەمەد حەسەن
کۆلیژی ئەدەبیات ـ زانکۆی سەلاحەدین
qader.hassan@su.edu.krd

پ. ی. رابیعە فەتاح شێخ محەمەد
کۆلیژی ئەدەبیات ـ زانکۆی سەلاحەدین
Rabeah1972@yahoo.com

**پوختە:**

لە تەواوی شاڵاوەکانی مەغۆل بۆ جیهانی ئیسلامی لە (٧ک/ ١٣ز) چەندان دەوڵەت و قەوارەی موسڵمانانی لەناوبرد، دواجار لە جەنگی عەین جالوت لە (٦٥٨ک/١٢٦٠ز) لەنێوان مەغۆل و دەوڵەتی مەملوکی (٦٤٨_٩٢٢ک/١٢٥٠-١٥١٧ز) ڕووی دا، دەوڵەتی مەملوکی مەغۆلی شکاند و بووە بەربەست لەبەردەم پێشڕەوییەکانی. لە ئەنجامدا ڕووباری فوڕات بووە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت، بۆیە بەشێکی گەورەی کوردستان کەوتە نێو سنووری دەوڵەتی ئیلخانان و بەشەکەی دیکەی کەوتە سنووری دەوڵەتی مەملوکی کە مەڵبەندەکەی میسر بوو. لەو سەروبەندەدا کوردستان بووە گۆڕەپانی ململانێی هەردوو دەوڵەت. هەروەها کورد بەشێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوەی قەوارەی سیاسییان لەلایەن مەغۆلەوە داگیرکرابوو، هەروەها دژی بیروباوەڕی مەغۆلی بوون و موسڵمانیش بوون، مەیلیان بەلای دەوڵەتی مەملوکییەوە بوو، چونکە ناوەندی تەواوی موسڵمانی جیهان بوو.

**وشە کلیلییەکان**: کوردستان، عەین جالوت، هۆلاکۆ، ئیلخانانی مەغۆلی، دەوڵەتی مەملوکی.

## کاریگەریی جەنگی عەین جالوت (٦٥٨ک/ ١٢٦٠ز) لەسەرباکور و ڕۆژئاوای کوردستان

### پێشەکی

لە سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی کۆچی/سێزدەی زایینی لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی، خێڵە نیمچە کۆچەرییەکانی بانی مەنگۆلیا لە یەکێتییەکی سیاسیدا بە سەرکردایەتیی تیمۆجین کە بە جەنگیز خان(٥٥٩-٦٢٤ک/ ١١٦٢-١٢٢٦ز) ناسرابوو، توانییان دەوڵەتێکی بەهێز دروست بکەن و مەترسی و هەڕەشەی جدی بخەنە سەر دراوسێکانیان بە تایبەتی دەوڵەت و قەوارەکانی جیهانی ئیسلامی.

مەغۆل لە هێرش و شاڵاوەکانیدا، دەوڵەتی خەوارزمی[1](٤٩١-٦٢٨ک/١٠٩٧-١٢٣٠ز) گەورەترین و بەهێزترین دەوڵەتی ئیسلامی لە ساڵی (٦١٧ک/١٢٢٠ز) داگیرکرد و دواتر هەر زوو لە ساڵی (٦١٨ک/١٢٢٠ز) گەیشتە کوردستان و پاش ساڵانێکی زۆری تەراتێنی مەغۆل لە کوردستان و جیهانی ئیسلامی، هۆلاکۆی نەوەی جەنگیزخان لە ساڵی (٦٥٦ک/ ١٢٥٨ز) خەلافەتی زیاتر لە پێنج سەد ساڵەی عەبباسی ڕووخاند. هۆلاکۆ هەر لەو ساڵەدا لە شاری مەراغەی نزیک تەورێزی مەڵبەندی هەرێمی ئازەربایجان، دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی لە ئێران و دەوروبەری و بەشێکی زۆری کوردستان و ئاسیای بچووک ڕاگەیاند. بەگوێرەی فەرمانی مەنگۆخان(٦٤٩- ٦٥٥ک/ ١٢٥١- ١٢٥٧ز)ی برا و گەورەی خانی مەغۆل تا ئەوپەڕی سنووری میسر بەشی هۆلاکۆ بوو، بۆیە هۆلاکۆ قۆناغێکی دیکەی بۆ داگیرکردنی شام دەستپێکرد و زۆربەی شارەکانی داگیرکرد و دەوڵەتی ئەیوبی لە شام کە مەلیک ناسر(٦٥٨ک/١٢٦٠ز) ڕێبەرایەتیی دەکرد، لەناوبرد. پەرتەوازەیی هێزی سیاسی و دەوڵەتەکانی جیهانی ئیسلامی، هۆکارێکی گرنکی سەرکەوتنەکانی مەغۆل بوو لەو جیهانەدا.

هۆلاکۆ لە پێشڕەوییەکانیدا گەیشتە شاری غەزەی ئەوپەڕی شام لە فەلەستین، کە بە دەروازەی وڵاتی میسر ناسراوە، دوا قەڵای بەهێزی موسڵمانان لە وڵاتی میسر دەوڵەتی مەملوکی بوو، کە لەسەر پاشماوەی سوپای دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر لە ساڵی (٦٤٨ک/١٢٥٠ز) دامەزرابوو، هۆلاکۆ لە ساڵی (٦٥٨ک/١٢٦٠ز) بە هۆی مەرگی مەنگۆخانی برایەوە ناچار گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی بۆ مەغۆلستان، سەرکردایەتیی داگیرکردنی میسری بۆ کیتۆبۆغا[٢] جێگری جێهێشت، دواجار لەنێوان مەغۆل و دەوڵەتی مەملوکی جەنگی عەین جالوت[٣] ڕووی دا و مەغۆل تێکشکا، کە بووە خاڵی وەستانی مەغۆل لە جیهانی ئیسلامی.

**١_ هۆکارەکانی بەرپابوونی جەنگی عەین جالوت**

پێشڕەوییەکانی سوپای مەغۆل لە جیهانی ئیسلامی بێ سنوور بوو، کەوتنی شام لە ساڵی (٦٥٧ک/ ١٢٥٩ز) بەدەستی هۆلاکۆ دەرگەی میسری بۆ خستە سەر پشت، چەند هۆکارێکی گرنگ هەبوو، تا مەغۆل هەوڵی داگیرکردنی دوا قەڵای سەختی موسڵمانان لە میسر بدا، تاکو هیچ هێزێکی سیاسی لە ناوچەکە نەهێڵێ، هەروەها لەوێوە بەرەو ئەوروپا بکشێ، جیهان بخاتە ژێر دەسەڵاتی مەغۆل. چونکە مەغۆل دوای گرتنی چین و هێرشی بۆ باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و گەیشتنی بە دەریای ڕەش و لەناوبردنی دەوڵەتی خەوارزمی و ڕووخاندنی خەلافەتی عەباسی، جیهانیان بە موڵکی خۆیان زانیوە(ابراهیم تیموری:١٣٧٧ ،٦٥، ٦٩-٧١. ماری هال:ب.س،٩٥-٩٩، ١١٩).

هۆلاکۆ دوای داگیرکردنی شام نامەیەکی پڕ هەڕەشەی بۆ قوتوز[٤] سوڵتانی مەملوکی(٦٥٧-٦٥٨ک/١٢٥٨-١٢٥٩ز) لە میسر نارد تا زوو خۆیان بەدەستەوە بدەن، چونکە میسر لە بەرانبەر ڕمەکانی مەغۆلە و بۆ داگیرکردنی ئان و سات ماوە، لە نامەکەدا هۆلاکۆ بەڕێوەبردنی جیهانی وەکو هەقی ئیلاهی بە مەغۆل داوە، یەک خۆر

بۆ جیهان هەیە، ئەویش مەغۆلە، کە جەنگیزخان بنیادی ناوە، هەروەها خۆی بە مەلیکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا داناوە( رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٠. ابن ایبک الدواداری: ١٩٧١، ٨/ ٤٧_٤٨. ابن دقماق: ا- ١٩٨٥، ٢/ ٦٠-٦١. القلقشندی: ١٩٨٧، ٨/ ٦٤-٦٥. شوکت: ٢٠١١، ٩٨-٩٩). هۆلاکۆ بەگوێرەی فەرمانی مەنگۆخانی گەورەی مەغۆلی، هەر لە سنووری ڕووباری جەیحونەوە لە وڵاتی تورکستانەوە تا ئەوپەڕی میسری پێ ڕەوا بینیوە، فەرمانی پێداوە لە ڕێگەیەدا هەر لایەن و هێزێ ملکەچ نەبوو بە خراپترین شێوە ئەزیەتی بدە(رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٢٣٦. رغد عبدالکریم:٢٠١٢، ٢٠٨). هۆلاکۆ هەمان بیروبۆچوون و بیروڕای باوک و باپیری لەبارەی داگیرکردنەوەکانەوە هەبووە. لەلایەکی دیکەوە کیتۆبۆغا سەرکردەی مەغۆلی زۆر لەخۆی ڕازی بوو، هەرچەندە ڕاوێژی بە میر و سەرکردەکانی کرد، بەڵام پەلەی لە بڕیاری جەنگ کرد، هیچ حیسابی بۆ توانای خۆی و هێزی بەرانبەر و بارودۆخی ناوچەکە نەکرد (الیونینی: ١٩٩٨، ٣٦٠/١. الکتبی: ١٩٨٠، ٢٠/ ٢٢٦-٢٢٧).

لە ژێر سەرنجی هێرشەکانی مەغۆل و بەردەوامی بۆ جیهانی ئیسلامی، دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین بەپێچەوانەی مەلیک و سەرکردەی دیکەی ئیسلامی، قوتوز سوڵتانی میسر، بەرانبەر مەغۆل خۆی لاواز نیشان نەدا، بەڵکو میر و سەرکردەکانی کۆکردەوە و ڕای وەرگرتن، پاش کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری بڕیاری جەنگیان دا. (رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٣). سەرکەوتنەکانی مەغۆل بەرانبەر موسڵمانان بە تایبەتی دوای داگیرکردنی بەغدا و کەوتنی شامی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئەیوبی، مەغۆلی لە خۆبایی کرد و پێی وابوو بە ئاسانی سەردەکەوێ و موسڵمانان ورەیان ڕووخاوە(ابن العمید: د.ت، ٤٨-٥١. ابن تغری بردی:

د.ت، ٧/ ٧٤-٧٦) بەڵام سوپای مەملوکی بێجگە لە جەنگ هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لەبەردەم نەبوو، هەر وەک ئەو ڕووبەڕووبونەوەی(تەحەدی) میری کورد ناسرەدین قەیموری[٥] لە کۆبوونەوەی سوڵتانی مەملوکی و میرەکانی مکوڕ بوولەسەر جەنگ دژی مەغۆل، دواتر بە گەرمی پاڵپشتی لێ کرا (رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١١- ٣١٢. موسى: ٢٠٠٧، ٤٦٥).

## ٢ــ ڕووداوەکانی جەنگی عەین جالوت

کیتۆبۆغا ڕووی لە دەشت کرد، لەو کاتەدا مەلیک ئەشرەف موسا (٦٤٤-٦٦١ک/١٢٤٦-١٢٦٢ز)ی کوڕی مەلیک مەنسور کوڕی مەلیک موجاهید شێرکۆی ئەیوبی خاوەنی حومس کە ملکەچی مەغۆل ببوو، دادوەری دادوەران محیەدین کوڕی زاکی و هەندێ میر و سەرکردەی بانگ کرد و ڕاوێژی پێ کردن، کە ئایا ڕووبەڕووی سوپای مەملوکی ببنەوە؟! هەندێ پێیان گوت با چاوەڕێ بکا تاکو کۆمەکیی هۆلاکۆ دەگات، پاشان دەست بە شەڕ بکا، هەندێکی دیکەیان بە پێچەوانەوە گوتیان جەنگ قورس نییە، بیروبۆچوونی جودا هەبوون، بەڵام کیتۆبۆغا خۆی بڕیاری جەنگی دا، ( الیونینی: ١٩٩٨، ١/٣٦٠. الکتبی: ١٩٨٠، ٢٠/ ٢٢٦-٢٢٧. ابن کثیر: ١٩٦٦، ١٣/ ٢٢٠-٢٢١) لە ڕاستیدا بڕیاری کیتۆبۆغا لە ئەنجامی سەرکەوتنەکانی دیکەی مەغۆل لە جیهانی ئیسلامی بەگشتی و شام بەتایبەتی هاتبوو، هەروەها چەند کەتیبەیەکی گورجی و ئەرمەنی هاتنە پاڵی. لە کاتێکدا سوپای دەوڵەتی مەملوکی بەبەراورد بە سوپای دەوڵەتی خەوارزمی و خەلافەتی عەبباسی بێ ئەزموون و لەڕووی ژمارەوە کەمتر بوو. چونکە دەوڵەتی مەملوکی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا هاتنی موزەفەر قوتوز بۆ دەسەڵات، زیاتر خەریکی ململانێ بوون لەسەر تەخت بۆیە نەپرژابوونە سەر ڕێکخستنی سوپا، بەڵام دانایی و لێهاتوویی قوتوز و گەیشتنی سوپای شام و ڕاگەیاندنی جیهاد پاڵنەر بوون بۆ دانانی پلانێکی مەحکەم، دواتریش سەرکەوتنیان.

دوای ئەوەی دەوڵەتی مەملوکی بڕیاری جەنگی دا، سوڵتان موزەفەر قوتوز سوپای خۆی ساز و ئامادەکرد، بێبەرس بوندوقداری[٦] کە پێشەوای سوپاکەی بوو، بۆ کاری چاودێری و زانیاری و هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو و هەواڵ کۆکردنەوە کەوتەڕێ، هەروەها پیدرای پێشەوای سوپای مەغۆل گەیشتە شاری غەزە، لەبارەی چالاکی و جموجولی سوپای مەملوکییەوە زانیاریی پێگەیشت، بۆیە هەر زوو کیتۆبۆغای لێ ئاگەدار کردەوە، ئەویش پێی ڕاگەیاند، لە جێگەی خۆت بوەستە و چاوەڕێ بە(رشيدالدين فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٣. میرخواند: ١٣٥٨، ٥/ ٩٠٢ ).

سوپای مەملوکی لە پێشڕەوییدا بۆ تێپەڕین بە زەویی فەرەنجەکانی عەکا، دەبوا مۆڵەتی ئەوان وەرگرێ، بۆیە باڕۆنەکانی عەکا لەوبارەوە کۆبوونەوە، لەو سەروبەندەدا مەغۆل سەیدا(صیدا)ی قەڵەمڕەوی فەرەنجەکانی کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستی تالآن کردبوو، بۆیە باڕۆنەکان لەو کارە دڕندانەی مەغۆل، زۆر تۆڕە بوون و متمانەیان بە مەغۆل نەبوو، هەروەها لە شام کوشتاری زۆری کردبوو. لە هەندێ شوێن زیاتر پشتی موسڵمانانیان گرتبوو، دواجار باڕۆنەکان بڕیاریان دا، تەنیا لە زەویی فەرەنجە ڕێگە بە سوپای موسڵمانان بدەن و ناچنە هاوپەیمانی لەگەڵ سوپای موسڵمانان دژی مەغۆل و بۆ کاری لۆجستی، ئاسانکاری پێشکەش دەکەن (ابن دقماق: ا- ١٩٨٥، ٢/ ٦٢. ابن دقماق: ب- ١٩٩٩ ، ٢٦٣. المقريزي: ١٩٩٧، ١/ ٥١٦. ستيڤن رنيسمان: ١٩٩٣، ٥٣٤- ٥٣٥. سعيد: د.ت، ١٨٥). بەو کارە سوپای مەملوکی ئامادەگیی زیاتر و زێڕینی لەو هەلە چنگ کەوت، چونکە توانیی ڕێگەی کەناراوی ببڕێ و ڕەزامەندیی ئەوان بۆ جەنگ بەکاربێنێ، لە کاتێکدا کۆمەکیی لۆجستی زامن کرد.

ژمارەی سوپای مەملوکی بە دیاریکراوی نەزانراوە، مێژوونووسی وساف حەزرە بە دە هەزار سەربازی دانـاوە(١٣٨٣، ٣٤)، ، بەڵام دوو

تۆژەر پێیانوایە دوای هاتنی ئەو هێزانەی لەبەر دەستی مەغۆل لە شام و شوێنانی دیکە ڕایان کرد بوو، چوونە پاڵ سوپای مەملوکی، ژمارەیان بووە بە دوازدە هەزار چەکدار (شرین بیانی: ۲۰۱۳، ٤۳۰. شوکت: ۲۰۱۱، ۱۰۷). لێرە بۆمان دەردەکەوێ کە کورد بەشێکی سوپاکەی پێکهێناوە، چونکە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی هاتنە میسر کوردی شارەزووری و قەیموری بوون لەگەڵ تورکمان.

سوپای مەغۆلی بە سەرکردایەتیی کیتۆبۆغا و پیدرا زیاتر لە سوارچاکان پێکهاتبوو، هەروەها هەندێ کەتیبەی گورجی و ئەرمەنیی لەگەڵ بوو، کە بە نزیکەی دوازدە هەزار چەکدار دەخەملێنرا، چونکە هۆلاکۆ کە گەڕایەوە وڵاتی خۆی بەشی زۆری سوپاکەی لەگەڵ خۆی برد(ابن ایبک الدواداری: ۱۹۷۱، ۸/ ٤۹.جی ا بویل: ۱۳۹۰، ۷٦. ڕنە گروسە: ۱۳۷۹، ٥۹۲).

بێبەرس لە پێشەوەی سوپای مەملوکی لە عەکاوە پێشڕەویی کرد تا ڕووبەڕووی سوپای پێشەوەی مەغۆل بوویەوە، یەکسەر قوتوزی لێ ئاگەدار کردەوە، هەندێ پێکدادان ڕووی دا، قوتوز بە قۆشەنی سوپاوە گەیشتە لای( ابن دقماق: ا- ۱۹۸۵، ۲/ ٦۳. ابن دقماق: ب- ۱۹۹۹، ۲٦۳). ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی (پازدەی ڕەمەزانی ٦٥۸ک/ بیست و پێنجی ئابی ۱۲٦۰ز) هەردوو سوپا لە عەین جالوتی نزیک لە بیسان لە فەلەستین ڕووبەڕووی یەک بوونەوە، قوتوز بە وریایی و فێڵەوە هەموو سوپای بە کیتۆبۆغا نیشان نەدا، تەنیا بێبەرس لە پێشەوە دەستی بە شەڕێکی قورس کرد، بۆیە کیتۆبۆغا بە تەواوی سوپاکەی هێرشی بۆ برد، سەرەتا سوپای مەملوکی خەریک بوو لە جەنگەکە دەدۆڕا، بۆیە سوپای مەغۆل دوایان کەوتن، تا کەوتنە نێو ئەو بەرزاییانەی بەشی زۆری سوپای مەملوکی وەکو بۆسە خۆی شاردبۆوە، لە سێ لاوە هاتنەدەر و هێرشیان بۆ کیتۆبۆغا برد، شەڕ بەردەوام بوو، لە ئەنجامدا مەغۆل دۆڕا، کیتۆبۆغا مەیدانی جەنگی جێ نەهێشت، تا گیرا و کوژرا و سەریان بردە بەردەم

قوتـوز (رشـيدالدين فضـل اللـه: د.ت، ١/ ٣١٤-٣١٦. ابـن دقمـاق: ج- ١٩٩٩، ٥١. المقريزي: ١٩٩٧، ١/ ٥١٦-٥١٧). دواى شكستى مەغۆل، بێبەرس سوپا و پاشماوەی مەغۆلی ڕاوەدوونا، تا گەیشتە سنووری ڕووباری فوڕات ( ابـن عبـدالظاهر: ١٩٧٦، ٦٥. بيبـرس المنصـوري: ا- ١٩٨٧، ٤٣. اليـونيني: ١٩٩٨، ١/ ٣٦١).

## ٣_ هۆكارەكانی سەركەوتنی دەوڵەتی مەملوكی لە جەنگی عەین جالوتدا

جەنگی عەین جالوت جەنگێكی چارەنووسساز بوو، چەندان هۆكار بـوونە هـۆی سـەركەوتنی دەوڵەتـی مەملـوكی، بـۆ یەكەم جـار مەغـۆل لە درێژەی داگیركارییەكانی خاڵێكی بۆ دانرا و هێزێكی موسڵمانان مەغۆلی وەستاند. مردنی مەنگۆخـان و گەڕانەوەی هۆلاكۆ لەبەر ململانێی ماڵباتی چەنگیزخـــان لەســـەر تەختـــی مەغـــۆل، وای كـــرد هۆلاكـــۆ خـــۆی كە ســەركردەیەكی بە توانـای بـواری جەنـگ بـوو سـەركردایەتی شـەڕەكە نەكـات، هەروەهـا بەشـێكی زۆری سـوپای مەغـۆلی لەگەڵ خـۆی بـردەوە. بەمەش كـاری موسـڵمانانی لە جەنـگ سـووک كرد(رشـيدالدين فضـل اللـه: د.ت، ١/ ٣٠٨. ابـــن دقمـــاق: ب- ١٩٩٩، ٢٧٠).دەتـــوانین بڵێـــین یەكـــێ لە گرنگترین هۆكارەكانی سەركەوتنی دەوڵەتی مەملوكی گەڕانەوەی هۆلاكۆ بـووە. هەروەهـا لەو سـەروبەندەدا مەمالیكەكـان توانییـان یەكێتی بەهێز لە نێوان سوپای شام و میسر دروست بكەن، پێوەندیی نهێنیی لەگەڵ مەلیكە ئەیوبییەكـــانی ژێـــر دەســـەڵاتی مەغـــۆل لە شـــام ببەســـتن، ئەو میـــر و سـەركردانەی لە دەسـتی مەغـۆل ڕایـان كردبـوو، خۆیـان گەیانـدە میسـر و لەوێ ئامێزیـان بـۆ كـرایەوە و لە ڕیـزی سـوپای مەملـوكی ڕێكخـرانەوە، هەمـوو بەیەكەوە ڕووبەڕووی مەغـۆل بـووەنەوە، لە نێـو سـوپای شـامدا كـورد بە ڕێژەیەكـی بـاش هەبـوون (ابـن ايبـک الـدواداري: ١٩٧١، ٨/ ٤٨. النـــويري: ١٩٩٢، ٢٩/ ٤٧٢. فـــواد: ١٩٨٠، ٣٠١-٣٠٢). لەلایەكـــی دیـــكەوە كیتۆبۆغا بە هەڵە بارودۆخ و كات و شوێن جەنگەكەی دەستیشان كرد، بە هـیچ جۆرێ پێشنیازی ئەوانەی بە هەند وەرنەگرت، كە كۆمەكی سوپای

هۆلاکۆ و چاوەڕوانییان پێشنیاز کردبوو. ئەو زیاتر پشتی بە بەهێزی ورەی مەغۆل و ڕووخانی ورەی موسڵمان بەستبوو (الیونینی: ١٩٩٨، ١/ ٣٦٠. ابن کثیر: ١٩٦٦، ١٣/ ٢٢٠-٢٢١)

هەروەها سولْتانی مەملوکی سوپاکەی کردە دوو بەش و تاکتیکێکی سەرکەوتووانەی لە دژی مەغۆل بەکارهێنا، لە مەیدانی شەڕدا مەغۆلی تێکشکاند (رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٤. فواد: ١٩٨٠، ٣٠٩). پێشتر مەغۆل تاکتیکی سەرکەوتووانە و یەدەگی دژی موسڵمانان بەکارهێنا و تێیدا سەرکەوتوو بوو، کەچی ئەمجارە هەرەسی هێنا. جێگەی ئاماژەیە سەرانی مەملوکی بە پێچەوانەی دەوڵەتانی دیکەی ئیسلامی لە دەرەوەی قەڵا جەنگان و هێرشیان برد. چاوەڕیان نەکرد مەغۆل لە نێو قەڵا و شارەکان ئابڵۆقەیان بدا، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە سەرکەوتن( شرین بیانی: ٢٠١٣، ٤٣٠-٤٣١). قوتوز ئامادەکاریی تۆکمە و پتەوی بۆ چەنگ کرد، بۆیە داوای لە زانایان و پیاوانی ئاینی کرد لە دژی مەغۆل فەتوای جیهاد دەربکەن، هەروەها لە نێو خۆیان میر و سەرکردەکان پەیمانی جیهادیان دا، هەرووەها موسڵمانان گیانی ڕووبەڕووبونەوەیان لا دروست بوو (ابن دقماق: ا-١٩٨٥، ٢/ ٦١. ابن دقماق: ب- ١٩٩٩، ٢٦٢)، هەروەها لە جەنگی دژی مەغۆل بەوردی هەنگاوی ناوە، چونکە بێلایەنی فەرەنجەکانی کەناراوەکانی شام و کۆمەکیی لۆجستیی دەوڵەتی مەملوکی، وای کرد بێ کێشەو گرفت بەتەنیا ڕووبەڕووی مەغۆل ببنەوە(المقریزی: ١٩٩٧، ٥١٦/١). هەروەها پاشەکشەی مەلیک ئەشرەف خاوەنی حومس گورزێکی دیکە بوو بە مەغۆل کەوت(ابن خلدون: ١٩٨٣ ،٨١٩/٤/٥- ٨٢٠. موسی:٢٠٠٧، ٤٧٠-٤٧١).

### ٤_کوردستان و جەنگی عەین جالوت

کوردستان بەتایبەتی هەرێمی جەزیرە(دیاربەکر) بە لای هۆلاکۆوە زۆر گرنگ بوو، چونکە جگە لە ڕووی ئابووری و سیاسیەوە، بەهۆی

شوێنە ستراتیژییەکەی بوو کە دەروازەی گەیشتن بوو بە شام و میسر، بۆیە بە لە ناوبردنی ئەیوبییەی میافارقین و ملکەچ پێکردنی ئەیوبییەی حسنکێفا و گرتنی ماردین و ملکەچ پێکردنی، توانی بەرەو شام هەنگاو بنێ. هێرش و داگیرکارییەکانی مەغۆل بۆ هەرێمی جەزیرە و باکوری شام نەخشەی سیاسیی ناوچەکەی بەرەو گۆڕانێکی دیکە برد، لەڕووی سیاسییەوە دەوڵەتی ئەیوبیی دابەشکراو، گەورەترین زیانی پێکەوت. هەروەها وای کرد هۆزە کوردییەکان بۆ دەرەوەی دەسەلاتی مەغۆل کۆچ بکەن. هۆلاکۆ بە گوێرەی پلانی پێشووی درێژەی بە هێرشەکانی دا تا گەیشتە شاری غەزەی باشوری شام لە فەلەستین، کە بە دەروازەی وڵاتی میسر ناسرابوو، پاش ئەوەی پڕۆسەی داگیرکردن و ملکەچکردنی شامی بە سەرکەوتووی ئەنجام دا، نێردراوێکی بۆ میسر نارد، کە ملکەچی ڕابگەیەنن، یا ئەوەتا بۆ جەنگ ئامادەبن (یاقوت الحموی: ١٩٥٧، ٢٠٢/٤. رشیدالدین فضل الله: د.ت، ٣١٠/١. ابن ایبک الدواداری:١٩٧١، ٨/ ٤٧_ ٤٨. موسی: ٢٠٠٧، ٤٦٥).

هەر تەنیا هێرشەکانی مەغۆل نەبوونە هۆی ڕووخانی دەوڵەتی ئەیوبی لە شام، بەڵکو کەسایەتیی لاوازیی مەلیک ناسر و کێشە و گرفتی ناوخۆ و دەربارەکەی، باری دەوڵەتەکەی زۆر قورس کرد، پێش داگیرکردنی شام لەلایەن مەغۆلەوە، لە ساڵی (٦٥٧ک/ ١٢٥٩ز) زەینەلحافزیی[٧] گەورە بەرپرسی دەوڵەتی ئەیوبی کە لە ژێرەوە پێوەندیی لەگەڵ هۆلاکۆ هەبوو، بەجدی بێهودەیی بەرەنگاربوونەوەی مەغۆلی لە نێو دەربار بڵاوکردووەتەوە، هەرچەندە مەلیک ناسر و سوپاکەی ئامادەی بەرەنگارییان نیشان داوە، کەچی میرەکانی خۆی کۆبوونەوە و هەوڵی کوشتنی مەلیک ناسر و هەندێ میری کوردیان داوە، تا تورکمانێک لە شوێنی دابنێن، بۆ ئەوەی بەرگریی مەغۆل نەکەن. بەلام کارەکەیان سەری نەگرت، چونکە میرانی قەیمورییی[٨] کوردی بە پیلانەکەیان زانی، لەو سەروبەندەدا بێبەرس بوندوقداری کە مەملوکی مەلیک ناسر بوو، چووە

ناو کوردانی شارەزووری، تا خۆی گەیاندە میسر (ابن العمید:د.ت، ٤٨. جوتیار: ٢٠١٦، ١١٤_ ١١٥).

لە ساڵی (٦٥٨ک/١٢٦٠ز) مەغۆل هێرشی بۆ شام کرد، کوردستانی کردە لەوەڕگەی ئەسپەکانی. مەلیک ناسر نزیکەی سەد هەزار سەربازی کورد و عەرەبی شام و تورکمان و عەجەم و خۆبەخشی کۆکردەوە، هەر هێندە هەواڵی گەیشتنی مەغۆل بڵاوبوویەوە، سوپاکە لەبەریەک هەڵوەشایەوە، مەلیک ناسر لەگەڵ مەلیک مەنسوور ناسرەدین[٩] (٦٤٢-٦٨٣ک/١٢٤٤-١٢٨٤ز) خاوەنی حەما بۆ شاری غەزە هەڵاتن و دیمەشقیان بۆ مەغۆل چۆڵ کرد و خانەدانانی شارەکە بە ڕێکەوتن لەگەڵ زەین ئەلحافزی دیمەشقیان ڕادەستی هۆلاکۆ کرد(ابن العمید: د.ت، ٤٨، ٥١. ابوالفداء: د.ت، ٢٠١/٣. ابن تغری بردی: د.ت، ٧/ ٧٦. ابن سباط: ١٩٩٣، ١/ ٣٨٦. شوکت:٢٠١١، ٨٨- ٨٩ ).

هەرچەندە بیروڕای جودا لەبارەی ئەرکی مەلیک ناسر لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆل هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەرکی پاراستن و ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆل لەسەر شانی مەلیک ناسر بووە، هەڵسوکەوتەکانی وای کرد، دەوڵەتی ئەیوبی لەوێ بکەوێتە لێواری مەرگ. ئەبوشامەی مەقدەسی(٦٦٥ک/ ١٢٦٦ز م) ڕاکردنی مەلیک ناسری بەوە لێکداوەتەوە، کە هەڵسوکەوت و تەگبیری خراپ بووە.(١٩٨٤، ٢٠٣). هەرچی ئیبن عەمید(م:٦٧٢ک/ ١٢٧٣ز م)ە لەوە دواوە، کە زەین ئەلحافزی بووەتە هۆکاری ترس و بیمی مەلیک ناسر یوسف و ورەی ڕووخاوە و سوپاکەی لەدەست داوە. (د.ت، ٤٨، ٥٠). هەروەها بێبەرس مەنسووری(م:٧٢٥ک/ ١٣٢٤ز م) مێژوونووسی مەملوکی باسی کردووە، کە سەربازانی بڵاوەبوون....و ناسر نەیتوانی ڕێکیان خاتەوە، لەبەر نەبوونی ڕێز و کەمیی توانا و نەبوونی بڕیار. (١٩٩٨، ٤٨). تەغری بەردی(م:٨٧٣ک/ ١٤٦٩ز م) مێژوونووسی مەملوکی لەوە دواوە، مەلیک ناسر کە پەشۆکاویی و هەڵوەشانەوەی سوپاکەی دیوە و زانیوویەتی

ئەگەر ڕووبەڕووی مەغۆل ببێتەوە لەبەر زۆری و بەهێزی ئەوان شکست دەهێنــێ، بــۆیە بــارودۆخەکەی بەدڵ نەبــووە، ڕۆیشــتووە.(د.ت، ٧/ ٧٤). مەلیک ناسر کەسێکی ڕارا بووە، نەیتوانیوە هەنگاوی ڕاست بهاوێژێ، لە سەرەتادا هەوڵیی دا بە پشتیوانی مەغۆل مولکی ئەیوبییەکان لە مەمالیک وەربگرێتەوە، بەڵام دواتر کە درندەی و بێ بەڵێنی مەغۆلی بۆ دەرکەوت، سوپاکەی کێشەی تێکەوت، ویستی ڕابکاتە میسر، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

لە ڕووداوەکانی پێش جەنگی عەین جالوت و کاریگەریی بەسەر کوردســتان بۆمــان دەرکەوتــووە، لەبەر ئەوەی بەگشــتی ئەیوبییەکــان بەشێکی کوردستانیان لەبەر دەست بوو، هەروەها کاریگەرییان بەسەر میر و هۆزانی کوردوە هەبوو. دەوڵەتی ئەیوبی وەک پەناگەیەکی میر و سەردارانی کورد نەمایەوە، بگرە نەیتوانی خۆی بپارێزێ. بارودۆخی بەجۆرێ بوو، لەو کاتەدا وای لە میر و سەردارێتی هۆز و سەرکردەی ســـەربازیی کـــورد کـــردووە، زیـــاتر پەنـــا بـــۆ دەوڵەتـــی مەملـــوکیی تازەپێگەیشتوو ببەن. هەروەها میر و سەردارانی کورد کە لە کوردستان مابوونەوە، بە یەکجارەکی پێوەندییان لەگەڵ دەوڵەتەکە پچڕا، چونکە لە بارودۆخێکی زۆر خراپ بوو. بە جۆرێ دەتوانین بڵێین میرانی کوردستان زیاتر پەنایان بۆ چیاکان بردووە، یا لەگەڵ مەغۆل سازاون( ابن فضل الله العمری:٢٠١٠، ٣/ ١٩٩_٢٠٦. درویش: ٢٠٠٦، ١٨٤_١٩١). ماڵباتی ئەیوبی لە گۆڕەپانی ڕووداوەکاندا پێگەی سیاسیی بەرەو لێژی چوو، دواجار بوونە بەشێک لە سیاسەتی هەردوو هێزی ناوچەکە( دیوید مورگان: ١٣٩٠هـ.ش، ١٨٦. شوکت: ٢٠١١، ٩٨).

هەرچی لەلایەن مەغۆلەوەیە کوردستان جگە لە ڕووی سیاسی و ئـــابوورییەوە، بـــووە جـــێگەی لەوەرگەی ئەســـپەکانی هۆلاکـــۆ، کە بـــۆ جەنگەکانی پشتی پێ بەستووە، بۆ نموونە شاری ئەتاغ وەک حەمدوڵلا مستەوفی باسی کردووە لەوەڕگەیەکی زۆر باش بووە و ئاوی زۆر و

دارســـتانی باشـــی هەبـــووە(١٣٨٩، ١٠١)، ڕەشـــیدەدین لەوە دواوە لەبەر شـوێنی شـارەکە هۆلاکـۆ لەوێ کۆشـکی دروسـت کـردووە و چەنـدا جـار لەوێ مـاوەتەوە(د.ت، ١/ ٣٢٧، ٣٢٨، ٣٣٣). بـۆیە لەوەڕگەیەی کوردسـتان یەکسـەر مەغـۆلی بە وڵاتـی شـامەوە بەسـتۆتەوە. مەغـۆل لەوێـش پەکـی نەکەوتووە، سوودی لە مێرگەکانی وێ وەرگرتـووە. دێڤید مۆرگـان باسـی لەوە کـردووە، هۆلاکـۆ لە نامەیەکـدا بـۆ لویسـی نـۆیەم پاشـای فەرەنسـا نووسیوویە، کە ناچار بووە سوپای خۆی لە سـوریا بباتە دەرەوە، چونکە زۆربەی لەوەرگە و پێخـۆری ئەوێـی بەکـاربردووە و بەشـی نەکـردووە، بـۆیە سـوریای بەجـێ هێشـتووە، کە لەراسـتیدا ئەو گـوتەیەی هۆلاکـۆ شـاردنەوەی ئەو شکسـتەیە کە لە عەیـن جـالوت تووشـی کیتۆبۆغـای سـەرکردەی هـات، ئەگینـا شـام گەلـێ لەوەرگە و شـوێنی باشـی بـۆ ئەسپەکانی مەغۆل هەبووە. (١٣٩٠، ١٨٧. شوکت: ٢٠١١، ٩٢).

## ٥_ ڕۆڵی کورد لە جەنگی عەین جالوت

لە ســەرکەوتنە چارەنووسســازەکەی عەیــن جــالوت، هەر چەنــدە شــانازییەکەی لە مێــژوودا بە نــاوی ســەیفەدین قوتــوز و بیــبەرس بوندوقداری تۆمارکراوە، لەشکرییانی کورد لە پاشماوەی سـوپای ئەیوبی و بە پلەیەک کوردە قەیمورییەکان، ڕۆڵی کاریگەر وسـەرەکییان گێڕا و لە ڕیـزی پێشـەوە جەنگـان و شـان بە شـانی مەملـوکە تورکەکـان بـوونە مەکۆی بەرگری و سەرکەوتن. ئیبن فوڕات ڕاستی پێکاوە کە دەڵێت((خوا میسر و شامی پاراست لەسەر دەستی قوتوز و بە مەملوکە تورکەکان و کوردە قەیمورییەکان))(وەرگیراوە لە موسی: ٢٠٠٧، ٤٦٩. زرار سدیق: ا-٢٠٠٨، ١٥١). هەروەهـا میـری کـورد ناسـرەدین قەیمـوری سـەرکردەی ســەربازی مەلیــک ناســری ئەیــوبی، ڕۆڵێکــی گرنگــی گێــڕا لە ڕووبەڕووبـوونەوەی مەغـۆل، هەر لەو کـاتەی نێـردەی هۆلاکـۆ گەیشـتە میسر و داوای خۆبەدەستەوەدان یان جەنگ یـان ڕەوی لـێ کـردن، مەلیک موزەففەر قوتوزی مەملوکی مەلیکی میسر کەوتە شڵەژان و بە پەلە داوای

کۆبــوونەوەی لە گەورە میــر و ســەرکردە و پیــاوانی دەوڵەت کــرد، بە تایبەتی ئەوانەی لە شامەوە هەڵاتبوون، لەگەڵ خاوەن پۆستەکانی میسر، لە قاهیرە کۆبوونەوە. بۆ ئەوەی تاوتۆی نامەکەی نێردراوی هۆلاکۆ بکەن و زوو بڕیار بدەن یا جیهاد یا خۆبەدەستەودان. بەشداربووان هەر لە سەرەتاوە بوونە دوو بەش لە نێوان ئەوەی ملکەچی داواکانی مەغۆل ببن یان بچنە جەنگەوە.(رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٢. ابن کثیر: ١٩٦٦، ٢٢٠/١٣).

لە کۆبوونەوەکەدا ناسرەدین قەیموری یەکەم کەس بوو، هەڵویستی دژی مەغۆل دەربڕی، هەتا وەڵامی قوتوزی دایەوە(( کە هۆلاکۆخان سەرباری ئەوەی نەوەی جەنگیزخان و کوڕی تۆلۆی و برای منگۆخانە و ناوبانگ و هەیبەتی لە وەسف بەدەرە و تەواوی وڵاتی لە سنوورەکانی چینەوە تا دەروازەی میسر لە دەستە، دیارە ئاسمانەکانی لە پشتە، ئەگەر بۆ دڵنیای و سەلامەتی بچینە لای، هیچ عەیب و خەوشی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ژەهر بخۆی و خۆت هەڵخەلەتێنی تا پێشوازی لە مردن بکەی، ئەو دوو کارە دوورە لە حوکمی عەقڵ، ئەو مرۆڤە نییە لێی دڵنیا بی، کەسێکی داوێن پاک نییە و گوێی لە سەربڕین نییە، خاوەنی قسە و پەیمانی خۆی نییە، لەناکاو خورشا[١٠] و خەلیفەی عەباسی و حوسامەدین عەکە[١١] و خاوەنی ئەربل(میرشەرەفەدین گەلالی) کوشت، کە پەیمانی پێ دابوون، ئەگەر ڕوو لەو بکەین، ڕووبەڕووی هەمان چارەنووس دەبینەوە)). (رشیدالدین فضل الله: د.ت، ١/ ٣١٢-٣١٣. موسی: ٢٠٠٧، ٤٦٦).

لەو هەڵوێستەی میر ناسرەدین دەرکەوتووە، کە لەبەرانبەر هۆلاکۆ تەنیا یەک ڕێگە هەیە، ئەویش جەنگ ڕێگەکانی دیکە نییە، بۆیە وێنەیەکی ڕوونی هۆلاکۆی دەرخستووە، کە پیاوێکە بە درۆ دڵنیایی داوە و بەهیچ جۆرێ پەیمان نازانێ، بۆیە قوتوز لە کۆبوونەوەکە گوتی(( ئەو بارودۆخە وەهایە، تەواوی دیاربەکر و ڕەبیعە و شام پڕ بووە لە هاوار و داد و فیغان، هەروەها لە بەغداوە تا ڕۆم بووەتە وڵاتێکی وێران و ئەوەی تێدا

بـووه له زەوی و خەڵـک فەوتـاوە، کەس نەمـاوە نە گیـان و بـێ گیـان، ئـادەمیزاد و ئـاژەڵ و خـۆراک، ئەگەر بچینە جەنگـی ئەوان و بەرگرییـان بکەیـن، وەک وڵاتـانی دیـکە میسـریش کـاوڵ دەبـێ، دەبـێ لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە یەکـێ لەو سـێیانە هەڵبژێرین، یا ڕێکەوتـن یـا جەنـگ یـا ڕەو)). (رشـــیدالدین فضـــل اللـــە: د.ت، ٣١٢/١ میرخوانـــد: ١٣٥٨، ٥/ ٩٠١. شـوکت:٢٠١١، ١٠٠). ناسـرەدین وەڵامـی دایەوە(( هـیچ بەرژەوەنـدییەک لە سوڵح کردن لەگەڵیان نییە، چونکە ئەوان خاوەنی پەیمـان و قسـەی خۆیـان نین))،کەچی هەندێ لەو میرانەی لە کۆبوونەوەکە بـوون دان نیـان بەوە نـا کە ناکرێ دژی مەغۆل چەک هەڵگرن و توانایان نییە، بۆیە باشـترە ملکەچ بـن، کەچـی میـر ناسـرەدین و قوتـوز خـۆی و بێبەرس بۆندوقـداری دژی ملکەچ بوون وەستانەوە، دواجار بۆچوونی ئەوان سـەری گـرت و بڕیـاری جەنگ درا، بۆیە نێردراوی مەغۆلیان کوشت و بەرەو جەنگ بەڕێکەوتـن. (رشـیدالدین فضـل اللـە: د.ت، ١/ ٣١٣. شـرین بیـانی: ٢٠١٣، ٤٣٠). کەواتە میـر ناسـرەدین قەیمـوری بە پێـداگری لە سـەر هەڵوێسـتی دژی مەغـۆل بزوێنەری سەرەکی قوتوز بوو.

هەر لەو کاتەدا لەبەر ئەوەی هەواڵی مردنی مەنگۆخانی ئیمپراتـۆر و برای پێگەیشت، هۆلاکۆ پڕۆسە سەربازییەکانی وەستاند، ئەوەی پلانـی بـۆ دانـابوو تەواو نەکـرد، بە ڕێگەی شـام و خەڵات گەڕایەوە پایتەخـت، تـا لە ڕێوڕەسمی پرسە و بەشداری لە دانانی جێگرەوەیەک بۆ خانی گەورە بکا. بە گـوێرەی خوێندنەوەی بـۆ بـارودۆخەکە بـۆ ئەو ئەرکەی مـابوو، دوازدە هەزار سـەربازی بە سـەرکردایەتیی کیتۆبۆغـای بەجـێ هـێڵا (رشـیدالدین فضـل اللـە: د.ت، ١/ ٣٠٨. شـرین بیـانی: ٢٠١٣، ٤٢٩). بـۆیە گەڕانەوەی هۆلاکۆ ئۆمێدی خستە دڵـی دەسـەڵاتدارانی ئەیوبی و سـوڵتانی مەملـوکی میسر، ئەو دەسەڵاتدارە ئەیوبییانەی مابوونەوە و نەچووبوونە ژێر ڕکێفی مەغۆل، دەستیان خستە دەستی سوڵتانی میسر و کێشەکانیان بەلاوە نـا و لە دژی مەغـۆل بەرەیەکیـان دروسـت کـرد. (شـیرین بیـانی: ٢٠١٣، ٤٣٠).

بۆیە لەپاڵ هەڵوێستی میر ناسرەدین، ژمارەیەکی زۆر لە سوپای ئەیوبی ڕووی لە میسر کرد. (المقریزی: ١٩٩٧، ٥١٣/١. موسی:٢٠٠٧، ٤٧٦). هەروەها مەلیک مەنسوور ئەیوبی(٦٤٢-٦٨٣ک/١٢٤٤-١٢٨٤ز) حاکمی حەما، براکەی ئەفزەل عەلی[١٢]، چوونە پاڵ سوپای مەمالیک. هەروەها هەڵاتووانی سوپای بەغدای پێش داگیرکاری هۆلاکۆ خۆیان گەیاندە میسر لەگەڵ پاشماوەی سوپای خەوارزمی لە کوردستان، بوونە بەشێ لە سوپای میسر. (ابو الفداء: د.ت، ٢٠٥/٣. موسی: ٢٠٠٧، ٤٧٦). هەروا مەمالیکەکانی شام دوای هەڵاتنیان لە سوپای مەلیک ناسر خاوەنی دیمەشق و حەلەب لەسەرووی هەموویانەوە بێبەرس بۆندوقداری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەغۆل ئامادەبوون، بێبەرس لە دژی مەغۆل ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە.(الیونینی: ١٩٩٨، ١/ ٣٦٥). کەواتە سەربازانی سوپای مەلیک ناسر بە کورد و مەمالیکەوە، ڕۆڵی بالایان هەبووە لە سەرکەوتنەکە، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێ هەواڵی شکستەکە بە هۆلاکۆ ڕاگەیانراوە، هەر وەکو کوتبی مێژوونووس باسی لێوە دەکات کە(( پێیان گوتووە کە زۆربەی ئەوانەی سوپای مەغۆلیان شکاندووە، سوپای مەلیک ناسر بوونە، کە ڕایانکردبووە میسر)) (١٩٨٠، ٢٥٨/٢٠. هەروەها موسی:٢٠٠٧ ،٤٦٩).

سوپای مەمالیک لە کوردان و تورکمان و عەرەب پێکهاتبوو، بەڵام بەشی سەرەکیی سوپاکە بریتی بوون لە مەمالیکە تورکەکان و کوردانی قەیموری (ابن ایبک الدواداری: ١٩٧١، ٨/ ٤٨. ابن الفرات: ١٩٤٢، ٢/ ٢٤٥. موسی: ٢٠٠٧، ٤٨٦) و شارەزووری بە تایبەتی ئەوانەی لە مەلیک ناسر جوداببونەوە(شافع بن علی: ١٩٨٩، ٦٣. النویری: ١٩٩٢، ٢٩/ ٣٠٢. شوکت:٢٠١١، ١٠١). لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری میران و سەردارانی کورد ئەوانەی پێشتر هاتبوونە شام ڕوویان لە میسر کردووە، مەغۆل لەبارەی نەیارەوە لۆژیکێکی زۆر توندی هەبووە، کوشتنی هەموو ئەو کەسە سیاسی و ئایینی و عەسکەری و هی دیکە، دوای ئەوەی دڵنیایان دراوەتێ، متمانەی نەهێشتووە، ئەو لۆژیکە لە جیهانی ئیسلامی بەو

شێوەیە نەبووە، بۆیە مەلیک کامل و میر ناسرەدین قەیموری بەردەوام ڕایان گەیاندووە، کە مەغۆل خاوەن بەڵێن و پەیمان نییە، ئەمەش وای کردووە، سوپای موسلمانان گوڕ و تینی زیاتریان هەبێ.

پێش جەنگی عەین جالوت مەلیک قاهر کوڕی موعەزەم[١٣] ئەیوبی ڕووی لە میسر کرد و مەمالیکەکانی هان دا دژی مەغۆل بوەستنەوە، لە قاهیرە چاوی بە بێبەرس بوندوقداری کەوت، پێی ڕاگەیاند کە مەغۆل سوپایەکی کەمی ماوە، هی ئەوە نییە ملکەچیی بۆ بنوێنێ (الكتبی: ١٩٨٠، ٢٠/ ٢٢٤. ابن الفرات: ١٩٤٢، ٢/ ٢٣٩).

سەبارەت بە هەڵوێستی مەلیک ئەشرەف خاوەنی حومس، لە شام مایەوە و ملکەچی بۆ مەغۆل ڕاگەیاند بۆ پاراستنی ناوچەکەی لە وێرانکاری، چاوەڕێی دەرفەتی گونجاوی دەکرد تا پشت لە مەغۆل بکات، هۆلاکۆ کردی بە جێگری خۆی لە شام(اليونيني: ١٩٩٨، ٣٥٦/١. المقريزی:١٩٩٧، ١/ ٥١٠، ٥١٣). دوای گەڕانەوەشی بۆ ڕۆژهەڵات ئامۆژگاری کیتۆبۆغای سەرکردەی کرد، کە پێویستە لە کاروبارەکان پرس و ڕا بە مەلیک ئەشرەف بکات. لە میانەی جەنگەکە مەلیک ئەشرەف لە ڕیزی سوپای مەغۆلی پاشەکشەی کرد(ابن خلدون: ١٩٨٣، ٨١٩/٤/٥ – ٨٢٠. موسی:٢٠٠٧، ٤٧٠–٤٧١) . بەمەش گورزێکی کوشندەی لە مەغۆل دا.

هەر لە ئاکامی بەشداری کورد لە جەنگی عەین جالوت، سوڵتان قوتوز دوای سەرکەوتنی چووە دیمەشق، شۆڕەسواری کورد میر خۆشترین کوڕی عیسای کوڕی خۆشترین ئەزکشی کوردی کردە ڕاوێژکار و هاریکاری والی دیمەشق، هەروەها پارچە زەوییەکی باشی پێبەخشی لە پاداشتی ڕۆڵی جوامێرانەی لە سەرکەوتن بەسەر مەغۆل(اليونيني: ١٩٩٨، ٣٦٥/١. النويري:١٩٩٢، ٥٦/٣٠). هەروەها میر یەعقوبای شارەزووری(مردووە ٧٠٧ک/١٣٠٧ز) بە سەرکردایەتی کوردە

شـــارەزوورییەکان بە دڵســـۆزی جەنگـــا و ڕۆڵـــی بـــاڵای هەبـــوو لە سـەرکەوتنەکە(ابن حجـر العسـقلاني: د،ت،٢٧٠/٤. هەروەهـا زرار سـديق:ا-٢٠٠٨، ١٥٢)

## ٦_ کاریگەریی ئەنجامی جەنگی عەین جالوت لەسەر کورد و کوردستان

دوای شـکانی مەغـۆل، قوتـوز چـووە دیمەشـق، هەروەهـا هەڵویسـتی مەسیحییەکانی دەڤەرەکە بەشێوەیەکی گشتی لاواز بوو، بۆیە لە دیمەشق و شوێنانی دیکە هێرشیان کرایە سـەریان( النويري: ١٩٩٢، ٢٩/ ٤٧٦). لەو کـاتەدا مەلیـک ئەشـرەف موسـا خـاوەنی حـومس داوای دڵنیـایی لە قوتـوز کـرد، ئەویـش پێـی دا، چـونکە مەلیک ئەشـرەف بە نهێنـی پێوەنـدیی لەگەڵ قوتوز هەبوو، پەیمانی دابوو لەجەنگەکە لە مەغۆل جـودابێتەوە. (ابوالفداء: د.ت، ٢٠٥/٣. ابن كثير: ١٩٦٦، ١٣/ ٢٢٢. المقريـزي: ١٩٩٧، ٥١٨/١. الحنبلـي: ١٩٧٨، ٤٤٠-٤٤١).

جەنگی عەین جالوت خاڵێکی وەرچەرخان بـوو لە مێژووی ئیسـلامی، بۆ یەکەم جـار لە وڵاتـی موسـڵمانان پێشـڕەویی مەغـۆل وەسـتا، وای کـرد دوا هێـزی موسـلمانان بمێنێـتەوە و زیـاتر بگەشـێتەوە، چەنـدان ئەنجـامی بەســەر هەردوو دەوڵەتــی ئیلخانــان و مەملـوکی هەبـووە، ڕەنگـدانەوەی ئەنجـامی ناڕاسـتەوخۆی ئەوەبوو، کوردسـتان بـووە شـوێنێکی نائـارام بۆ مەغۆل بە تایبەتی باکور و ڕۆژئاوای کوردستان، زیاتر لە هەموو شوێنان مەغـۆلی بە خـۆیەوە سـەرقاڵ کـردووە، چـونکە پێوەنـدیی پتەویـان لەگەڵ کوردانی شام و میسری نێو دەوڵەتی مەمالیک هەبوو. کوردستان و ئێران بە تایبەتی، هەروەهـا چەند وڵاتێکی دیکە لە سنووری داروڵئیسـلام نەمـا، دەوڵەتـــی ئیلخانـــانی مەغـــۆلی هەمـــان ســـنووری ئیمپراتـــۆری ساســـانی کێشـایەوە. لەگەڵ ئەمەشـدا ئەنجـامی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەخۆی بەسـەر کوردســـتاندا هەبـــوو، دەتـــوانین ئەنجامەکـــانی بەو شـــێوەی خـــوارەوە بخەینەڕوو:

### ٦_١: کاریگەریی جەنگەکە لەسەر کوردستان

**یەکەم/** سەرکەوتنی دەوڵەتی مەملوکی لەو جەنگەدا، وڵاتی شامی لەژێر چنگی مەغۆل دەرهێنا، بۆیە بەشێکی زۆر بچووکی کوردستان کەوتە دەست دەوڵەتی مەملوکی و بەشی گەورەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی مەغۆل مایەوە.

**دووەم/** جەنگەکە نەک هەر دەوڵەتی ئەیوبی بەرەو لەناوچوون برد، بەڵکو مردنی پەلەتر کرد، هەرچی مومتەلەکاتی لە کوردستان هەبوو، لەدەستی دا. پێشتر کوڕ و نەوەکانی سەلاحەدین ئەیوبی بێجگە لە شام، لە دیاربەکر و بەشێکی وڵاتی ڕۆم و هەرێمی ئەرمینیا حوکمیان گێڕاوە، بەڵام دوای جەنگی عەین جالوت ئەیوبییەکان لە کوردستان دەسەڵاتیان نەما، تەنیا لە حسن کێفا لەژێر سێبەری مەغۆل بە بچووکراوەیی مایەوە، کەچی ڕۆڵ و کاریگەرییان لە کوردستان و شام لە دەست دا.

**سێیەم/** دوای جەنگی عەین جالوت، کوردستان زۆرترین و چالاکترین بەشی لە سنووری ڕۆژئاوای دەوڵەتی ئیلخانان لەخۆگرتووە، کە بووە گۆڕەپانی ململانێی دەوڵەتی ئیلخانان و دەوڵەتی مەملوکی. هەرێمی دیاربەکر و ڕەبیعە پشکی شێری لەو ململانێیە بەرکەوتووە، دواتر وڵاتی ڕۆم و بەشێکی هەرێمی ئەرمینیا لەو ململانێیە بەدەر نەبووە. مەغۆل لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای دڵنیا نەبوو، چونکە هێزی موسلمانان کە دەوڵەتی مەملوکی پێشڕەویی کردووە، توانیویانە درز بخەنە نێو سنوورەکانی دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی. کوردستانیش پشکی شێری لە پەرەسەندنی سیاسیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە زلهێزەی ناوچەکە بەرکەوتووە.

**چوارەم/** دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی ڕاستەوخۆ سنووری ڕۆژئاوای بووە ڕووباری فورات، هەرچەندە بە درێژایی ژیانی سیاسیی دەوڵەتەکە هەوڵی داوە بجەنگی بۆ ئەوەی بپەڕێتەوە، بەڵام ڕووبەڕووی چارەنووسی دۆڕاندن بۆتەوە وەک جەنگی عەین جالوت شکاوە. بۆیە بە یەکجارەکی

سنووری ڕۆژئاوای دیاری کردووە. کوردستان لەبەردەم ئەو سنوورە بووە و کەوتۆتە ڕۆژئاوای ئەو دەوڵەتە. بەم پێیە زۆربەی زۆری کوردستان کەوتە نێو سنووری دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلیی هاوسنوور لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکی. هەروەها وای کردووە کە شان و شکۆی مەغۆل لە کوردستان بشکێ و مەغۆل نەرمتر بجوڵێتەوە، چونکە کوردستان جێگەیەکی هەستیار بووە لە سیاسەتی هەردوو دەوڵەت ئیلخانانی مەغۆل بەتایبەتی و دەوڵەتی مەملوکی.

**پێنجەم/** سەرکەوتنی دەوڵەتی مەملوکی لەو جەنگەدا، بووە هاندەرێکی بەهێز تا پێوەندیی نێوان دەسەڵاتدارانی مەغۆلی موسڵمان لە قەبجاق لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکی لە میسر دروست بێ. هەردوو دەوڵەت دژی دوژمنی هاوبەش بوونە هاوپەیمانی یەکتری، بۆیە دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی نەیدەتوانی هەر کات ئارەزوو بکا یان بیەوێ هێرش بۆ میسر ببا، چونکە دەترسا دەوڵەتی مەغۆلی قەبجاق لەلای هەرێمی ئازەربایجانەوە هێرش بۆ بێنێ. هەروەک ئیبن ئەیبەک و عەینی هەردوو مێژوونووسی مەملوکی باسیان لەوە کردووە، ئەگەر مەغۆلی قەبجاق هێرش بۆ ئیلخانان ببا، لەم نێوەندەدا سوود لە کوردانی هەکاری وەربگیردرێ و ئەوان لە دواوە هێرش بۆ ئیلخانان ببەن(١٩٦٠، ٢٧٢/٩. ٢٠٠٩، ٣٤٦/٥).

**شەشەم/** دوای ئەوەی میر ئەبولقاسم ئەحمەد ئەسمەر موستەنسیربیللا لە زیندانی موستەعسمی دواخەلیفەی عەبباسی(٦٥٦_٧٤٠ک/١٢٣٨_١٢٥٨ز) ڕای کرد، تا لە ساڵی (٦٥٩ک/ ١٢٦١ز) خۆی گەیاندە میسر، مەمالیەکان دووبارە خەلافەتی عەباسییان لە قاهیرە ژیاندەوە، بەمەش گیانی جیهاد زیندووبوویەوە(المقريزي: ١٩٥٧، ٢/١/ ٤٤٨. شرین بیانی: ٢٠١٣، ٤٣٤). لەبەر ئەوەی کورد پێوەندیی بەهێزی لەگەڵ خەلافەتی عەبباسی هەبوو، لەلایەکی دیکەوە دەوڵەتی مەملوکی توانیی جێگرەوەی خەلافەت بدۆزێتەوە، بەو هۆیەوە سەرنج و سۆزی تەواوی موسڵمانانی بۆخۆی ڕاکیشاوە، کورد بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی

بیروباوەڕەوە هاوسۆزی بۆ خەلافەتی عەبباسیی هەبووە و ئیسلامی هەڵبژاردووە، نەوەک بیروڕای دەوڵەتی ناموسڵمانیی مەغۆلی، بۆیە لە دەوڵەتی مەملوکی نزیک بووە.

**٦_٢: کاریگەریی جەنگەکە بەسەر کورد و میرەکانیەوە**

**یەکەم/** شکستی مەغۆل لە عەین جالوت گیانی سەرکەوتنی بەخشیە تەواوی موسڵمانان، بۆیە میر و سەردارانی کورد بەهۆی نزیکیی سنووری کوردستان لە دەوڵەتی مەملوکی و سروشتی سەختی کوردستان ملیان بۆ مەغۆل کەچ نەکردووە و لە ناوچەکانی خۆیان ڕاپەڕیون، بە تایبەتی لە دەڤەری هەکاری.

**دووەم/** شکانی هۆلاکۆ لەو جەنگەدا تەنیا شکستی سەربازیی نەبوو، بەڵکو نەیتوانی یەکێتی شام و میسر دروست بکات لە ژێر دەسەڵاتی خۆی، چونکە شام ڕاستەوخۆ بە سنووری ڕۆژئاوای دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی لکێنرابوو، بووە ڕێڕەوێکی گرنگ بۆ ئەو میرە کوردانەی پاش یاخیبوون لە مەغۆل یا بۆ هەر مەبەستێکی دیکە ڕوویان لە دەوڵەتی مەملوکی ناوە و پێوەندییان بە دەرباری مەملوکی کردووە.

**سێیەم/** ئەو جەنگە دەوڵەتێکی بەهێزی لەپاڵ دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی دروست کرد، کە تەواوی شام و میسری بەیەکەوە گرێ دا. دەوڵەتی مەملوکی لە جێگەی خەلافەتی عەبباسی بووە مەڵبەندی هەموو موسڵمانان، بۆیە لە هەموو شوێنێکەوە کورد و موسلمانان ڕوویان تێ کردووە و لەوێ پەرەیان بەبەهرەی خۆیان داوە، بەدرێژایی ئەو دەوڵەتە چەندەها زانای کورد ڕوویان لە شام و میسر کردووە(ابن حجر العسقلانی: د،ت، ١/٣٣٥،١٧، ٣/٢٧٩، ٤/ ١٢٤_١٢٥. تریفە: ٢٠١٠، ١٢٦، ١٤٠، ١٦٨، ١٧٢، ١٨٩، ٢٤٥).

**چوارەم/** پێشتر مەغۆل سنووری نەدەزانی بۆ شالاوەکانی، بەڵام جەنگی عەین جالوت ڕووباری فوڕاتی کردە سنووری سروشتی نێوان هەردوو دەوڵەت، لەلای ڕۆژئاوای، ئەو دەڤەرە سەرباری هۆز و خێڵی دیکە، هۆزی کوردی لێ هەبووە، کە زیاتر مەیلیان بەلای دەوڵەتی مەملوکییەوە هەبووە.

## ٦_٣: کاریگەریی جەنگەکە بەسەر مەسیحییەکانی کوردستان

**یەکەم/** شکستی مەغۆل لە عەین جالوت کۆستێکی گەورەی بۆ هۆلاکۆ دروست کرد، مەسیحییەکان سەرکردەیەکی مەسیحیی مەغۆلی گەورە و نوێنەری هۆلاکۆیان لە ناوچەکە لە دەست دا، کە پێوەندیی بەهێزی لەگەڵ مەسیحییەکانی کوردستان و شام هەبوو، کیتۆبۆغا لە کوردستان و لوڕستان پێشتر چالاکیی هەبووە، مێژوونووس ئیبن تەغری بەردی باسی لەوە کردووە، کە شارەزای شەڕ و هونەرەکانی شەڕ و قەڵاگرتن و دەستبەسەرگرتنی مەملەکەت هەبووە، ئەو زۆربەی وڵاتی عەجەم و عێراقی داگیر کردووە، زۆر جێگەی متمانەی هۆلاکۆ بووە( ب.س، ٢٤٠/١٣). زەهەبی لەوە دواوە، کە (( لای مەغۆل مەزن بووە، لەبەر ئازایەتی و بۆچوونی پشتی پێ بەستراوە))، هەروەها هۆلاکۆ خوشکی خۆی دابوویە و ڕێزی لێ گرتووە( ب- ١٩٩٧، ٢٤٧). هۆلاکۆ کاتێ هەواڵی شکانی سەربازانی و کوژرانی کیتۆبۆغای بیست، کە بەو شێوەیە نەشکابوو، مکوڕ بوو، تۆڵەی بکاتەوە و شکۆی سوپای مەغۆل بسێنێتەوە، چونکە یەکەم تێکشانی گەورە بوو، ڕووبەڕووی مەغۆل بێتەوە ، بەڵام باوردۆخی نێو ماڵباتی مەغۆلی ڕێگەی نەدا، تۆڵەی بکاتەوە (المقریزی: ١٩٥٧، ١/ ٢/ ٢١٤). مێژوونووس ڕەشیدەدین باسی لەوە کردووە کاتێ هۆلاکۆ بە قۆبیلای ڕاگەیاندووە، مەغۆل لەسەر دەستی سوڵتانی میسر شکستی هێناوە و دەیەوێ هێرش بۆ سەر مەمالیک ببا و تۆڵەیان لێ بکاتەوە و لەناویان ببا، خانی گەورە یەرلیغێکی(وشەیەکی مەغۆلییە بە مانای فرمان دێ) دەرکردووە، کە هۆلاکۆ لە ڕووباری جەیحونەوە تا

وڵاتی شام و میسر موڵکی ئەوە، هەروا بڕیاری داوە هۆلاکۆی برای بە سی هەزار جەنگاوەری مەغۆلی کۆمەکی بکا، لە جیاتی ئەو چەکدارانەی لە عەین جالوت لەدەستی داوە.( ب.س، ١/ ٢١٧،٣٣٦، ٣٣٨. رحمە: ٢٠١٣، ٢٠٦-٢٠٧).

**دووەم/** جەنگەکە سنووری دەوڵەتی ئەرمینیای بچووکی بە هەردوو دەوڵەتی زلهێزی ناوچەکەوە لکاند، مەمالیکەکان یەکسەر دوای جەنگەکە گەلێ زەوییان لێ سەندەوە، هەروەها لەبەر هاوپەیمانیی ستراتیژی ئەرمینیای بچوک لەگەڵ مەغۆل، ئەو دەوڵەتە زیاتر بووە جێگەی ئامانجی دەوڵەتی مەملوکی و ڕووبەڕووی چەندان هێرش بوویەوە، کە دەتوانین بڵێین کوردان گەلێ جار پشکداری هێرشییان  بۆ سەر دەوڵەتی ئەرمینیای بچووک کردووە.

**سێیەم/** جەنگی عەین جالوت دانیشتووانی مەسیحی لە ناوچەکە جودا کردەوە و لەتی کردن. ئەوانەی لە کوردستان بوون کۆمەکیی مەغۆلیان کردووە، بەتایبەتی لە هەرێمی دیاربەکر و ڕەبیعە و ئەرمینیا و ئازەربایجان. کەچی بەشێکی دیکە لە شام لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەملوکی وەکو سەردەمی عەبباسی پەیڕەوی ڕێوڕەسمی ئیسلامی بۆ ئەهلی زیمە کراوە.

چوارەم/ سەرکەوتنی دەوڵەتی مەملوکی لەو جەنگەدا نیگەرانی و شڵەژانی خستە دڵی مەسیحییەکان بەگشتی و مەسیحییەکانی کوردستان بەتایبەتی، چونکە قەڵەمڕۆی مەملوکی بووە جێگەی هەڵمەت و هێرشی ناوبەناوی کورد و لایەنی دیکەی مەملوکی بۆ مەسیحییەکانی هاوپەیمانی مەغۆل، کە بۆ موسڵ و دەوروبەری ناوبەناو دەستی پێکردووە.

**ئەنجام:**

جەنگی عەین جالوت کاریگەریی سیاسی لە سەربازی زیاتر بوو، مەغۆل لە جیهانی ئیسلامی نەیتوانی هیچی دیکە پێشڕەوی بکا، دوای ئەوەی ڕووباری فوڕات بووە سنووری نێوان هەردوو دەوڵەت، باکور و ڕۆژئاوای کوردستان بووە شوێنی ململانێی نێوانیان، کەچی لەبەرئەوەی مەڵبەندی حوکمڕانی مەغۆل لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بۆیە لەچاو ڕۆژئاوا و باکوری یاخیبوونی دژی مەغۆل بەخۆیەوە نەدیوە، مەغۆل هەم تێیدا نیشتەجێ بووە و هەم نەیهێشتووە کورد لەوێ یاخی بێ. ئەو بەشەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی مەملوکی کورد لەوێ خاوەن دەسەڵات بووە و هاوکاریی دەوڵەتی مەملوکی لەدژی مەغۆل کردووە، بەتایبەتی لە قەڵای بیرەجک و دەوروبەری مەلاتیە و عینتاب.

جەنگی عەین جالوت کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر هەرێمی دیاربەکر و ڕەبیعە هەبووە، کوردان دوای جەنگەکە لە دەڤەرەکانیان ڕووبەڕووی دەسەڵاتی مەغۆل بوونەتەوە، یاخود مەغۆل بۆ داسەکنانیان لەگەڵ کوردان ڕێککەوتوون. بۆیە ئەو جەنگە تەواوی کوردستانی نەخستە سنووری دەوڵەتی ئیلخانانی مەغۆلی، هەروەها هاوسنووری کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی مەملوکی گیانی سەربەخۆیی کوردانی بووژاندەوە.

## پەراوێزەکان

(١) دەوڵەتـی خەوارزمـی، لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتـی ئیسـلامی لە٤٩١ک/ ١٠٩٧ دامەزرا، لە لایەن ئەنوشـتەکین مەملـوکی سـوڵتان مەلیکشـای سـەلجوقی(٤٦٥-٤٨٥ک)، کە ئـاوگێڕی بـووە دواتـر پـلەی بەرز بـۆتەوە تـا کـراوە سـەرۆکی پاسەوانان لە خەوارزم لە ٤٧٠ک مردووە، پاشان لە ٤٩١ک قوتبەدین محەمەدی کـوڕی جـێگەی گرتـۆتەوە، کـراوە بە والـی خەوارزم، نازنـاوی خەوارزمشـای لێنراوە، دواتریش کوڕ و نەوەکانی لە حوکم بەردەوام بوون، بوونە جێگرەوەی سلجوقیان، دوایەمینیـان سـوڵتان عەلائەدیـن و جەلالەدینـی کـوڕی بـوون. نـافع توفيق العبود: ١٩٧٨، ١٢.

(٢) کیتۆبۆغا، جێگری هۆلاکۆ بوو لە شام، سەرکردەی سەربازی سوپای مەغۆل لە جەنگی عەین جالوت، هۆلاکۆ زۆر بڕوای پێ هەبووە، هەمیشە بڕیار و ڕاوێژەکانی پەسند کردووە، چونکە لە خزمەت جەنگیز خانی باپیری بووە، بە کوژرانی لە جەنگەکە هۆلاکۆ زۆر دڵتەنگ و تووڕە بوو. العيني: ٢٠٠٩، ٢٨٠/١. شوكت: ٢٠١١، ٦٦

(٣) عەیـن جـالوت، شـارۆچکەیەکە لە نێـوان بیسـان و نـابلس و سـەر بە فەلەستینە. ياقوت الحموي: ١٩٥٧، ١٧٧/٤.

(٤) قوتـوز، سـەیفەدین قوتـوز سـێیەمین سـوڵتانی مەمالیـک لە میسـر، لەسەرەتادا مەملوکی عیزەدین ئەیبەک بوو، دوای لادانی مەلیک مەنسور کوڕی عیزەدین ئەیبەک بووە سوڵتان، دوای سەرکەوتنی لە  شـەڕی عەین جالوت بە دەسـتی سـەرکردەی سـەربازی بێبەرس بوندوقـداری شـەهید کـرا. بیبـرس الدواداري: ب، ١٩٩٨، ٤٦-٤٧. ابن دقماق:ج،١٩٩٩، ٤٠.

(٥) ناسرەدین حوسێن(٦٠٠-٦٦٥ک) کوڕی شەمسەدین عەزیز کوڕی میر ئەسەدین قەیموری، لە کوردە قەیمورییەکان بوو، هەر لەگەڵ شالاوی مەغۆل بۆ کوردسـتان ڕووی کـردۆتە شـام، پاشـان چـۆتە خـزمەت سـوڵتانە ئەیـوبی و مەملوکییەکان. جووتیار تمر: ٢٠١٦، ٨١-٨٤، ١٢٢.

(٦) بێبەرس بوندوقداری، چوارەم سوڵتانی دەوڵەتی مەمالیکە لە میسر و شام(٦٥٨-٦٧٦ک/١٢٦٠-١٢٧٧ز)، لە ڕەچەڵەکدا لە تورکەکانی وڵاتی قەوقاز، لە سەرەتادا مەملوکی مەلیک ساڵح نەجمەدین ئەیوب بووە. بڕوانە ابن عبدالظاهر: ١٩٧٦.

(٧) زەین ئەلحافزی: زەینەدین سلێمان کوڕی موئەید عەقربانی، خەڵکی گوندی عەقربای غۆتەی ڕۆژهەڵاتی دیمەشقە، دکتۆری مەلیک حافز ئەرسەلان (م ٦٣٩ک/ ١٢٤١ز)ی خاوەنی قەڵای جەعبەر بووە، بۆیە بە زەین ئەلحافزی ناوبانگی دەرکردووە، نوێنەری مەلیک ناسر یوسف بووە، بۆ لای هۆلاکۆ، بە نهێنی پێوەندیی لەگەڵ مەغۆل هەبووە، هەڵویستەکانی دەرخەری ئەو ڕاستییەن، هانی مەغۆلی داوە هێرش بکاتە سەر دیمەشق و حەلەب. دواجار لە ساڵی (٦٦٢ک/ ١٢٦٤ز) هۆلاکۆ کوشتی. ابن شداد: ١٩٩١،٢/٣/٤٨٤– ٤٨٥. رشیدالدین فضل الله: د.ت، ٧١٨-٧٢٠.

(٨) قەڵای قەیموری لە نزیک شاری سعێرت لە هەرێمی جەزیرەیە، لە چیاکانی نێوان موسڵ و خەڵات. میرانی قەیموری ڕۆڵی باڵایان لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر و شام. یاقوت الحموي: ١٩٥٧، ٤٢٤/٢. موسی: ٢٠٠٧، ١٦٧.

(٩) مەنسوور ناسرەدین محەمەد کوڕی مەلیک موزەفەر مەحمود کوڕی مەلیک مەنسورمحەمەد کوڕی مەلیک موزەفەر عومەر کوڕی شاهنشا کوڕی ئەیوب(٦٤٢-٦٨٣ک/١٢٤٤-١٢٨٤ز) خاوەنی حەما. النویري: ١٩٩٢،٢٦٣.

(١٠) ڕوکنەدین خورشا کوڕی عەلائەدین محەمەدی ئیسماعیلی خاوەنی قەڵای ئەلەموت، کۆتا فەرمانڕەوای ئیسماعیلییەکان، کە نەیتوانی بەرانبەر هۆلاکۆ بەرگری بکات، سەرباری سەختی و قایمی قەڵاکەی، لە ٦٥٤ک/١٢٥٦ز خۆی و قەڵاکانی ڕادەستی هۆلاکۆ کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوبرا. الجویني:١٩٣٧، ٢٧٨.

(١١) حوسامەدین عەکە (عەلەکە) بەرپرسی دەرتەنگ(حلوان) لە لایەن خەلیفەوە دانرابوو بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشەکانی مەغۆل، بەڵام هۆلاکو

هەڕەشــەی لێکــرد، ئەویــش ناچــار چــووە خزمەتــی و گــوێڕایەڵی بــۆ نیشــاندا، گەڕایەوە شوێنی خۆی، ناوچەی زۆری گرت، حوسامەدین متمانەی بە هۆلاکۆ نەبــوو، نەیویســت خەلــیفە تــووڕە بکــات، پەیوەنــدیی پێــوەکرد تــا لەشــشــکرێکی ســوارەی بــۆ بنێــرێ، بــۆ ئەوەی ڕێــگە لە مەغــۆل بگــرێ و نەهێڵــێ نزیکــی بەغــدا بکەون، بەڵام خەلیفە بەدەنگیەوە نەهات و هۆلاکۆش بەمە زۆر پەست بوو بۆیە کوشتی و ناوچەکانی وێرانکرا. رشیدالدین فضل الله:د.ت،١٠٠/١ .زرار سەدیق: ب-٢٠١٠، ٣٦٣-٣٦٤.

(١٢) ئەفــزەل عەلــی کــوڕی مەلیــک مــوزەفەر مەحمــود کــوڕی مەلیــک مەنســـورمحەمەد کــوڕی مەلیــک مــوزەفەر عــومەر کــوڕی شاهنشــا کــوڕی ئەیوب(٦٤٢-٦٨٣ک/١٢٤٤-١٢٨٤ز) خاوەنی حەما. النويري: ١٩٩٢، ٢٦٣.

(١٣) مەلیک قاهر کوڕی موعەزەم عیسا کوڕی مەلیک عادیلی ئەیوبی. ابن حجر: د.ت،٧٨/٣.

## سەرچاوەکان:

ــ ابــراهيم تيمــوری: امپراطــوری مغــول و ايــران دوران فرمــانروائی جنگيزخان و جانشينان او ، انتشارات دانشگاه ايران،(تهران: ١٣٧٧هـ ش).

ــ ابــن ايــاس: محمــد بــن احمــد بــن ايــاس الحنفــی المصــری (ت ٩٣٠هـ/١٥٢٤م): بدائع الزهور فی وقائع الدهور، تحقيق: محمد زينهم محمد عزب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، (القاهرة: ١٩٨٢م).

ـ ابـن ايبـک الـدواداری: ابـو بكـر بـن عبـد اللـه بـن ايبـک (ت ٧٣٦هــ/ ١٣٣٦م): كنز الدرر وجامع الغرر، ، الدرة الزكية فی اخبار الدولة التركية، تحقيق اولرخ هارمان، (القاهرة: ١٩٧١م).

بيبرس الدوادار، ركن الدين بيبرس المنصوری (ت٧٢٥هـ/١٣٢٥م).

ا ـ التحفة الملوكية فى الدولـة التركيـة، نشـر وتقديم: عبدالحميد صـالح حمدان، الدار المصريه اللبنانية، (القاهرة: ١٩٨٧م).

ب ـ زبـدة الفكـرة فـى تـاريخ الهجـرة، تحقيـق: دونالد.س.ريتشـاردز، (بيروت: ١٩٩٨م).

ـ ابن تغرى بردى، جمال الدين أبى المحاسن يوسـف بـن تغرى بـردى (ت٨٧٤هـ/١٤٦٩م): النجـوم الزاهـره فـى ملـوک مصـر والقـاهرة، الموسسـة المصرية العامة للتأليف والترجمة، (القاهرة: د.ت).

ـ تـريفه احمـد عثمـان البرزنجـى: اسـهامات العلمـاء الاكـراد فـى بنـاء الحضارة الإسلامية، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠١٠م).

ـ ابـن حجـر العسـقلانى، الحـافظ شـهاب الـدين احمـد بـن علـى (ت٨٥٢هـ/١٤٤٨م): الدرر الكامنة فى اعيان المئة الثامنة، دار الجيل، (بيروت، د.ت).

ـ جوتيـار تمـر صـديق: الكـرد القيمـريه ق(٧-٨هـ/ ١٣-١٤م)، تمـوز للطباعه والنشر والتوزيع، (دمشق: ٢٠١٦م).

ـ الجويني: علاءالدين عطـا ملک بـن بهاءالـدين(٦٨١ک/١٢٨٢ز): تـاريخ جهانگشاى، (ليدن:١٩٣٧م).

ـ جـى. ا. ابويـل: تـاريخ ايـران کمبـريج. تـرجمه: تيمـور قـادرى، جلـد پنجم(قسمت دوم)، انتشارات مهتاب، (تهران: ١٣٩٠هـ.ش).

ـ حمدالله المستوفى، حمدلله بن ابى بكر بن محمد بن نصـر المسـتوفى القزوينى (ت٧٥٠هـ/١٣٤٩م): نزهه القلوب، تصـحيح و تحشيه: گـاى لسـترنج، انتشارات اساطير، (تهران: ١٣٨٩هـ.ش).

ـ الحنبلى، أبو البركات عزالدين احمد ابن إبراهيم (ت ٨٧٦هـ/ ١٤٧١م): شفاء القلوب فى ذكر مناقب بنى أيوب، تحقيق: ناظم رشيد، المكتبه الوطنيه، (بغداد: ١٩٧٨م).

ـ ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد(٨٠٨ه/١٤٧٥م): تاريخ ابن خلدون، دار سلكتاب اللبناني، (بيروت: ١٩٨٣)

ـ درويش يوسف هروري: بلاد هكارى دراسه سياسيه حضاريه (٩٤٥_١٣٣٦م)، دار العربيه للموسوعات، (بيروت: ٢٠٠٦م).

ابن دقماق، صارم الدين ابراهيم بن محمد بن ايدمر العلائى (ت ٨٠٩هـ/١٤٠٦م)

ا ـ الجوهر الثمين فى سير الملوك والسلاطين، تحقيق: محمد كمال الدين عز الدين على، الطبعه الاولى، عالم الكتب، (بيروت: ١٩٨٥م).

ب ـ نزهه الانام فى تاريخ الإسلام، تحقيق: سميرة طبارة، المكتبة العصرية، (صيدا: ١٩٩٩م).

ج ـ النفحة المسكية فى الدولة التركية من كتاب الجوهر الثمين فى سير الملوك والسلاطين، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمرى، المكتبه العصرية، (بيروت: ١٩٩٩م).

ـ ديويد مورگان: مغول ها، ترجمه: عباس مخبر، نشر مركز، (تهران: ١٣٩٠هـ.ش).

ـ-الذهبى، شمس الدين محمد بن عثمان بن قايماز (ت٧٤٨هـ/١٣٤٧م): العبر فى خبر من غبر ، نسخه محققه باشراف مكتب البحوث والدراسات فى دار الفكر للطباعه والنشر والتوزيع، (بيروت: ١٩٩٧م).

ـ رشيدالدين فضل الله، رشيدالدين فضل الله بن عماد الدوله بن موفق الدوله الهمدانى (ت ٧١٨هـ/١٣١٨م): جامع التواريخ، المجلد الثانى، نقله الى العربيه محمد صادق نشاءت وفواد عبد المعطى الصياد، دار احياء الكتب العربيه، (القاهره: د، ت).

ـ رحمه بنت حمود بن فطيس النفيعى: العلاقات السياسيه لدوله ايلخانات المغول(٦٥٨- ٧٥٦هـ/١٢٦٠-١٣٥٥م)، رساله مقدمه لنيل درجه الدكتوراه فى التاريخ الإسلامى، جامعه ام القرى، المملكه العربيه السعوديه ( مكه المكرمه:٢٠١٣م).

ـ رنه گروسه: امپراطورى صحرانوردان، مترجم: عبدالحسين مكيده، شركت انتشارات علمى و فرهنگى، (تهران: ١٣٧٩هـ.ش).

زرار سەدیق:

ا ـ / چەند لێكۆڵینەوەیەک دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەراست(کوردەکانی سوپای مەملوکی)، ئەکادیمیای کوردی، (هەولێر: ٢٠٠٨ ز).

ب ـ / کورد و کوردستان لە ڕوژگاری خەلافەی ئیسلامیدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات،(هەولێر:٢٠١٠ز).

ـ ابن سباط، حمزه بن احمد بن عمر الغربى (ت ٩٢٦هـ/١٥٢٠م): صدق الاخبار (تاريخ أبن سباط)، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمرى، (طرابلس: ١٩٩٣م).

ـ ستيفن رنيسمان: تاريخ الحروب الصليبية، ترجمة: السيد الباز العرينى، الطبعة الثالثة، (بيروت: ١٩٩٣م).

ـ سعيد عبدالفتاح عاشور: مصر والشام فى عصر الايوبيين والمماليک، دار النهضة العربية للطباعة والنشر والتوزيع، (بيروت: د.ت).

ـ شافع بن على الكاتب (ت ٧٣٠هـ/ ١٣٢٩م): حسن المناقب السريه المنتزعه من السيره الظاهريه، تحقيق و نشر: عبدالعزيز بن عبدالله الخويطر، الطبعه الثانيه، (الرياض: ١٩٨٩م).

ـ ابو شامه، شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل المقدسى (ت٦٦٥هـ/١٢٦٧م): تراجم رجال القرنين السادس والسابع المعروف بـ(الذيل على الروضتين)، عنى بنشره: عزت العطار الحسينى، دار الجيل، (بيروت: ١٩٨٤م).

ـ ابن شداد، عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم (٦٨٤ هـ /١٢٨٥م): الاعلاق الخطيره فى ذكر امراء الشام و الجزيره، جزء ٣، تحقيق: يحيى زكريا، وزارة الثقافة، (دمشق: ١٩٩١م).

ـ شوكت رمضان حجه: العلاقات بين دوله المماليک الأولى و دوله ايلخانية فارس(٦٤٨-٧٣٦هـ/ ١٢٥٠-١٣٣٦م) مؤسسة حمادة للدراسات الجامعية و دار اليازورى، (عمان:٢٠١١م).

ـ شيرين بيانى: المغول، التركيبه الدينية والسياسية، المركز الاكاديمى للابحاث، (بيروت: ٢٠١٣م).

ـ ابن عبدالظاهر، محى الدين عبدالله ابن رشيدالدين( ت٦٩٢هـ/ ١٢٩٣): الروض الزاهر فى سيرة الملک الظاهر، (الرياض:١٩٧٦م).

ـ ابن العميد، جرجس بن العميد بن ابى المكارم(ت٦٧٢هـ/ ١٢٧٣م): أخبار الايوبيين، مكتبه الثقافه الدينيه، (بور سعيد: د.ت).

ـ العينى، بدرالدين محمد بن احمد بن موسى بن احمد(ت ٨٥٥هـ/ ١٤٥١م): عقد الجمان فى تاريخ اهل الزمان، حققه: محمد محمدامين، دار الكتب والوثائق القومية، مركز تحقيق التراث، (القاهرة: ٢٠٠٩م).

ـ ابو الفداء، الملك المويد عمادالدين اسماعيل بن على بن محمود الايوبى (ت ٧٣٢هـ/١٣٣٢م): المختصر فى اخبار البشر، دار المعرفة، (بيروت: د.ت).

ـ ابن الفرات، ناصرالدين محمد بن عبدالرحيم (ت ٨٠٧هـ/١٤٠٤م): تاريخ ابن الفرات، تحقيق: قسطنطين زريق ونجلاء عزالدين، المطبعة الامريكانية، (بيروت: ١٩٤٢م).

ـ ابن فضل الله العمرى، شهاب الدين احمد بن يحيى بن فضل الله(٧٤٩هـ/١٣٤٨م): مسالك الابصارفى ممالك الامصار: تحقيق: كامل سلمان الجبورى، دار الكتب العلمية، (بيروت: ٢٠١٠م).

ـ فواد عبدالمعطى الصياد: المغول فى التاريخ، دار النهضة العربية، (بيروت: ١٩٨٠م).

ـ القلقشندى، احمد بن على(ت ٨٢١هـ/١٤١٨م): صبح الاعشى فى صناعه الانشا، شرح وتعليق: محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٨٧م) .

ـ الكتبى، محمد بن شاكر (ت٧٦٤هـ/١٣٦٣م): عيون التواريخ، دار الرشيد، (بغداد: ١٩٨٠م).

ـ ابن كثير، عماد الدين اسماعيل بن كثير الدمشقى (ت٧٧٤هـ/١٣٧٢م): البدايه والنهايه، المعارف_بيروت. مكتبه النصر_الرياض، (١٩٦٦).

ـ مـاری هـاڵ: ئیمپراتـۆرییەتی مەغـۆل، وەرگێـڕان: پەخشـان عمـر، دەزگای موکریانی، (هەولێر:ب.س).

ـ میرخوانـد، میـر محمـد بـن سـید برهـان الـدین خواوندشـاه (ت ۹۰۳هـ/۱٤۹۸م): روضە الصفا، تهذیب و تلخیص: عباس زریاب، انتشارات علمی، (تهران: ۱۳۵۸هـ.ش).

ـ المقریزی، تقی الدین أبی العباس احمد بن علی (ت٨٤٥هـ/١٤٤١م): السـلوک لمعرفـة دول الملـوک، تحقیق:محمـد عبـدالقادر عطـا، دار الکتـب العلمیة، (بیروت:١٩٩٧م).

ـ موسـی مصـطفی الهسـنیاني: السـنوات الاخیـرة مـن حیـاة الکـورد الایوبیـة فـي مصـر وبـلاد الشـام(٦٣٤-٦٥٨هـ/ ١٢٣٦- ١٢٦٠م)، المدیریـة العامة لمطبعة وزاره الثقافة لإقلیم کردستان،( أربیل: ٢٠٠٧م).

ـ- نـافع توفیـق العبـود: الـدوله الخـوارزمیه، مطبعـة الجامعـة، (بغـداد: ١٩٧٨).

ـ النویری، شهاب الدین احمد بن عبدالوهاب (ت ٧٣٣هـ/١٣٣٣م): نهایه الارب فی فنون الادب، تحقیق: محمد ضیاءالدین الریس ومحمد مصطفی زیادة، الهیئة المصریة العامة للکتاب، (القاهرة: ١٩٩٢م).

ـ وصـاف الحضـره، ادیـب شـهاب الـدین (شـرف الـدین) عبداللـه بـن عزالدین (ت٧٣٠هـ/ ١٣٢٩م): تحریر تاریخ وصاف، نوشته: عبدالمحمد ایتی، پژوهشـگاه علـوم انسـانی ومطالعـات فرهنگی،چـاپ سـوم، (تهـران: ١٣٨٣هـ.ش).

ـ یاقوت الحموی، شهاب الدین ابو علی عبدالله یاقوت بن عبدالله (ت٦٢٦ هــ /١٢٢٨م) : معجـم البلـدان، دار صـادر ودار بیـروت للطباعـة والنشر،(بیروت: ١٩٥٧م).

ـ اليـونيني، قطـب الـدين ابـو الفـتح موســى بـن محمـد بـن احمـد (ت٧٢٦هــ/١٣٢٦م): ذيـل مـراة الزمـان ، بعنـايه وزاره التحقيقـات الحكميـة للحكومة الهندية، دار الكتاب الإسلامى، (١٩٩٨م).

**ملخص:**

ان موقعة عين جـالوت (٦٥٨هـ/ ١٢٦٠م) التـى حدثت بين المغول والـدوله المملوكيه(٦٤٨_٩٢٢هـ/ ١٢٥٠_١٥١٧م) أصبحت سببا لوقف هجوم المغول علـى العـالم الإسـلامى، حيث شـملت معظـم أجـزاء كردسـتان وهـى ضـمن حـدود الدوله الايلخانيه المغوليه، باعتبار ان نهر الفرات قد أصبحت الحدود الفاصل بين الدولتين.

بذلك أصبحت كردستان ميدانا للصـراع بين الـدولتين كبيـرتين، لقد بدا نشـاط الامراء الكرد على الصـعيد السياسـى ضد المغول، وكـان سندهم الحقيقـى فـى هذا المجـال هـى الـدوله المملوكيه ومنـاطقهم الجبليه العاصيه التـى سـاهمت كثيـرا فـى مجال الصمود والدفاع امـام هجوم الـدوله الايلخـانيه، هذان السـببان اللذان اصـبحا سببا لبقاء كيانات سياسيه كرديه متمثلا فى امارتهم فى القلاع الجبليه.


حمص
طرابلس
بعلبك
دمشق
صيدا
صور
عكا
جيش المغول
بصرى
عين جالوت
عجلون
السلط
بيت المقدس
الخليل
غزة
جيش المماليك
50

**Abstract**

The Battle of Ain Jalut took Place in (658H/ 1260 A.D) between the Mangols and Mamluks state (648-H/ 1250 - A.D) which It Stopped attacks and invasion of Mangols in the Islamic world. In result the most part of Kurdistan areas went to under the ruling of Mangol Ilkhanian state, because of the Euphrates River become a border of the both states.

The area between the two states, it become a place of Kurdish Dynasties activism. In the purpose of the freedom of their Emirate, took interdependence of the Mamluks state also in the highlands they defend themselves of mangols attacks. These two Factors are the main reasons to remain alive of Kurdish Emirate.